# کەسی مایەپووچ ئەو کەسەیە لە نێو ئومەتەکەم کە ڕۆژی قیامەت بە نوێژ وڕۆژوو وزەکاتەوە دێت، بەڵام بە ناهەق: جوێنی داوە، وبوهتانی کردووە، وپارەی خەڵکی خواردووە، وخوێنی خەڵکی ڕشتووە، ولە خەڵکی داوە، (ئەوانەی ستەمی لێیان کردووە) لە چاکەکانی دەدرێت پێیان

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئایا دەزانن کەسی مایەپووچ (موفلیس) کێیە؟»، ووتیان: کەسی مایەپووچ لە نێوانماندا ئەوەیە کە هیچ پارە وشتومەکێکی نییە. -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «کەسی مایەپووچ (موفلیس) ئەو کەسەیە لە نێو ئومەتەکەم کە ڕۆژی قیامەت بە نوێژ وڕۆژوو وزەکاتەوە دێت، بەڵام بە ناهەق: جوێنی داوە، وبوهتانی کردووە، وپارەی خەڵکی خواردووە، وخوێنی خەڵکی ڕشتووە، ولە خەڵکی داوە، (ئەوانەی ستەمی لێیان کردووە) لە چاکەکانی دەدرێت پێیان. کاتێک چاکەی نامێنیت پێش ئەوەی دادەپەروەری بە تەواوی جێبەجێبکرێت خراپەکانی ئەوان (ستەملێکراوەکان) فڕێ دەدرێتە سەری، پاشان فڕێ دەدرێتە نێو دۆزەخ».

[صەحیحە] [موسلیم گێراویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پرسیار لە هاوەڵان دەکات -ڕەزای خوایان لێبێت- : ئایا دەزانن کەسی مایەپووچ (موفلیس) کێیە؟ وئەوانیش ئەو پێناسەیان پێی ووت کە لای خەڵکی زانراوە ئەویش ئەوەیە ئەو کەسە هەژارە کە پارە وشتومەکی نییە. پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هەواڵی ئەوەی پێدان کە کەسی مایەپووچ (موفلیس) ئەو کەسەیە کە لە ڕۆژی قیامەتدا بە چاکەی زۆر ومەزن دێت لە نوێژ وڕۆژوو وزەکاتدان وکردەوەی تر، بەڵام جوێنی داوە وتۆمەتی هەڵواسیوە ولە خەڵکی داوە وپارەی خەڵکی خواردووە وخوێنی خەڵکی ڕشتووە، وئەم خەڵکە ستەملێکراوە دەیانەوێت مافی خۆیان وەربگرنەوە؛ ئەو مافەی لە دونیا وەری ناگرنەوە لە ڕۆژی قیامەتدا وەری دەگرنەوە، بۆیە تۆڵەی لێدەکرێتەوە بە دانی چاکەکانی ئەم ستەمکارە بە ستەملێکراوەکان، بۆیە هەرستەملێکراوێک دێت وبە پێی ستەمەکەی لە چاکەکانی دەبات، هەتا پێش ئەوەی دادپەروەری جێبەجێ بێت وهەموو مافی خۆی بە هەقەوە وەربگرێت لەم ستەمکارە ئەگەر ئەم ستەمکارە چاکەی نەما؛ ئەوا لە خراپەکانی ئەو ستەملێکراوانە وەردەگیرێت ودەکرێتە سەر خراپەکانی ئەم ستەمکارە وپاشان فڕێ دەدرێتە نێو دۆزەخەوە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3165